

# دەوڵەت؛ ئاگابوون لە ئازادی

## تیۆری دەوڵەتی مۆدێرنی هێگڵ


شڵۆمۆ ئەڤینێـری

وەرگێڕان و پێشەکی: ئەستێڵ ئینسایت


بیرکردنەوەی فەلسەفی


ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# دەوڵەت؛ ئاگابوون لە ئازادی

## (تیۆری دەوڵەتی مۆدێرنی هێگڵ)

شڵۆمۆ ئەڤینێری

وەرگێڕان و پێشەکی: ئەستێڵ ئینسایت

بیرکردنەوەی فەلسەفی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

## پێشەکی

ئەم کورتەنووسینە کە بە بیانووی بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانی بابەتی خوارەوە دەربارەی هزری سیاسیی هێگڵ نووسراوە، نایەوێت ئەو دەقە کە لە خستنەڕووی بابەت و وردەکاریدا، یەکێکە لە دەقە پڕبایەخەکان، شی بکاتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدات بابەتێکی گشتیتر پەیوەست بە گرنگیی گفتوگۆ لەم بابەتانەدا بخاتەڕوو.

دووای بزوتنەوەی ژینا و دوواتریش شەڕی ئیسرائیل و بەرەی بەرخۆدان (مقاوەمە) و پاشان ئاڵۆزبوونی داهاتووی سیاسیی ناوچەکە، دەبێ بەدیاریکراوی قسە لەسەر ئەو گوتارە سیاسییە باوانە بکەین کە هیچیان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە ئاستێکی سواو زیاتر نین. ئێستا لەم قۆناخە قەیراناوییەدا دەبێت بەجدی و بەرپرسیارانە لە خۆمان بپرسین، بە بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی ئەم بیرکردنەوانە، بەدیاریکراوی کام مانا و چەمک و کام پانتایی زەرووری، دەخرێتە ژێر ڕۆشنایی ناسین و تێگەیشتنەوە. هێگڵ ڕێکخستنی هاوکاتی شتەکان و بیرکردنەوە بە مێژویی و جێی باس دەزانێت، چونکە بە هەرشێوەیەک بڕوانین گەشەی زانستە مرۆییە نوێکان، تەنیا بە تێگەیشتن لە مێژوویێتیی بیرکردنەوە مەیسەر دەبێت. گرنگایەتی بارزی هێگڵ و دۆزینەوە و ڕایەڵی جەوهەری عەقلانیی دەوڵەتی مۆدێرن و ڕێسامەندکردنی، لە سیستمێکی چەمکیدایە کە هاوکات تایبەتمەندییەکی نوێخوازانەی هەیە و هەروەها خۆی وەکوو پەیدۆزی و جوڵەی ئەم ڕەگەزە عەقلانییە دەناسێنێت.

ڕەنگە پێویست بە وتن نەکات کە باسی هێگڵ، باسی ئایدیالۆژیک نییە، بە مانایەکی تر هێگل نایەوێت بەرژوەندیی گرووپ و هەژموونی جیهانبینییەکی دیاریکراو لە ئاستی حکومداریدا ڕوون بکاتەوە. بە "بۆرژوا" و "تۆتالیتێر"زانینی چوارچێوەی چەمکاندنی هێگڵ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپادا کارێکی بێسوود و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش گاڵتەجاڕییە. سنووردارکردنی کاری هێگڵ تەنیا بۆ سەردەمی خۆی، ئەگەرچی دەکرێ بۆ خوێندنەوەی سوودێکی هەبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناواخنی باسەکەی ئەو ڕوون ناکاتەوە. هزری هێگڵ، هزری کۆکردنەوەی هەلومەرجی پێویستە لە پێناو بەدیهێنان، پاراستن و گەشەی دەوڵەتدا. لەم ڕوانگەوە شیکردنەوەی باسی دەوڵەت هاوکات پەیوەندیی لەگەڵ تێگەیشتنی مێژوویی نەتەوەکان لە ئەزموونی مێژووی خۆیان بەتایبەت و ئەزوموونی مرۆیی بەگشتی هەیە. ئەم کراوەییە بە سەر پێکهێنەرە عەقلانییەکان لە ئەزموونی مێژووی مرۆڤدا، تاکە پێوەری ڕاستەقینەی هێگڵە. ئەمە بەو مانایەیە کە بە هۆی خەسڵەتی گشتی و پەتیی ئەم

عەقڵە و پشتەستوور بە خەسڵەتە مێژووییەکەی، دەوڵەتی مۆدێرن بریتییە لە بەدیکردن و گەشەی هاوکاتی ئەگەرە دەروونییەکانی مرۆڤ و بەدیهاتنی ئابجێکتیڤی بوونیەتی.

کاری هێگڵ لەم بارەوە، تەنیا پەرەپێدانی تیۆریک نییە لەبەردەم تیۆرییەکانی دیکەدا، بەڵکوو گرنگییەکەی لە ڕوونکردنەوە و جێخستنی ئەو چەمکانەدایە کە لە پاراستن و پەرەپێدانی دەوڵەت، زەروورەتێکی گرنگیان هەیە. هێنانی ئەم چەمکانە لە سیستمێکی تێرمینۆلۆژیکدا ئەو تایبەتمەندییەی هەبووە کە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی وەکوو گشتێک بخاتە بەرچاومان. **ئازادی** شاچەمکی فەلسەفەی هێگڵە لە فەلسەفەی سیاسیدا و ڕەنگە ئەمەش ئەو قەرزە بێت کە هێگڵ لە ڕەهەندی سیاسیدا بە ڕێنسانس و ڕەوتی کۆماریخواز دەداتەوە. لە دوو تا سێ سەدە بەر لە شێوەگرتنی ڕێنسانس و دووای گۆڕانکارییە گرنگەکانی پاش سەرهەڵدانی شێوەکانی حوکمڕانی نوێ لە ئەورووپا و بەتایبەت ئیتاڵیا و هەروەها گەڕانەوە بۆ نەریتی گریکی دووای وەرگێڕانی کتێبی "سیاسەت"ی ئاریستۆ و هەروەها گەڕانەوەی نەریتی یاسایی و حوکمی ڕۆمی، چەمکی ئازادی وەکوو سەربەخۆبوون لە ئەویتر و توانایی خۆبەدیهێنان؛ بوو بە چەمکێکی جەوهەری لە بەستێنی سیاسەتدا. لە کاتی خستنەڕووی ئەم چەمک و ناوەڕۆکە تا جێخستن و ڕوونکردنەوەی تەواوی ئەو دامەزراوانەی کە دەرهاویشتەی بوون، چەندین سەدەی خایاند و تا سەردەمی هێگڵ، زۆربەی ئەم دامەزراوانە لە دەوڵەتە جیاوازەکانی ئەورووپادا ڕەگی داکوتابوو. بەڵام لە سەردەمی هێگڵدا ئەڵمان کە کەوتبووە بەر هێرشی دەوروبەر و بەدەست ناسەقەماگیرییەوە دەیناڵاند، بوو بە باسی فەلسەفی هێگڵ و ڕێک لەم کاتەدا بوو کە پرسیار لە دامەزراوەکان و لانیکەمی پێویست بۆ پاراستن و چاکسازیی دەوڵەتی نەتەوەیی، وەک دووابڕیاردەری ململانێ سیاسییەکان، بوو بە چەقی بیرکردنەوەی هێگڵ. ئەو لە یەکەم نووسینە بڵاونەکراوەکانی خۆیدا (لەوکاتەدا) بە ناونیشانی "یاسای بنەڕەتی ئەڵمان" سەرنجی خۆی خستە سەر پێویستیی بەرگریلەخۆکردنی ئەڵمان لەبەرامبەر هێزە بیانییەکاندا و لە نووسراوە کامڵ و پوختەکانی دوواتریشدا، گرنگیی دا بە ئاڵۆزیی پەیوەندییە یاساییەکان و ناوەندە پەیوەندیدارەکانی لەگەڵ گۆڕانی خواست و مەیلی جۆراوجۆر و دژیەکی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا.

سەربەخۆیی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەویتر و توانای خۆبەڕێوەبەردنی لەڕێگەی یاسا گشتییەکانەوە، بەرهەمی میراتی سەردەمی نوێیە لە نووسراوە سیاسییەکانی هێگڵدا، و ئەم باسە لەگەڵ شیکردنەوەی بەستێنی سیاسی وەکوو پانتاییەکی سەربەخۆ لە شەرع و ئەخلاق، لانیکەم لە سەردەمی مەکیەڤێلیدا بابەتێکی جێی مشتومڕ بوو.

چـونکە مەکیەڤێڵی لـە ڕێگەی بـەفـەرمی نـاسینی دابڕینی بـەسـتێنی سیاسی لـە ئـەخـلاق و شـەرع، پـەیوەنـدییە کۆمـەڵایەتییەکـانی وەک هـاوسـەنگییەکی نـاجێگیر لـەنێوان هێزە دژبـەیەکـە کۆمـەڵایەتییەکـانـدا پێناسـە کـرد، و تەنانەت بوونی ئەم ململانێیانەی لە بەرژوەندی یاساکاندا دەبینی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە لە بەستێنی سیاسیدا، دەتوانین لە ئاکام و ئامانجی دیالێکتیکی هێگڵ لە سیاسەتدا تێبگەین. ئەوەی زیاد لە هەر شتێکی دیکە، سەرنجی هێگڵی ڕاکێشاوە، هەوڵ بۆ ناسینی بواری کۆمەڵایەتییە وەک پانتاییەک کە ململانێ و گرژی تیایدا حەتمییە و هەروەها هەنگاو بەرەو ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەگەڵ بەفەرمی ناسینی پێویستی ئەم ململانێیە، هەوڵی هاوسەنگکردنەوەیش دەدات.

کەواتە هەوڵی هێگڵ ئەوە نییە ڕوونی بکاتەوە یان پاساو بهێنێتەوە کە دەوڵەت دەبێ چۆن بێت. ئەو ڕوانینەی کە تـەنیا دژ بەوەیە کـە هـەیە و دەڵێت «دەبێت» هەبێت، لـە ڕوانینی هێگڵدا تـەنیا دەبێتە نەرێکردنی پـەتییانـەی ئابستراکتی ئەوەی هەیە. ئەم تێڕوانینە لە بیری دەکات ئەوەی کە هەیە، واقعیەتی جێگیر و بەرهەمی ئەگەرە مێژووییە بەدیهاتیووەکانە و بۆ دەرچوون لە هەلومەرجی ناسەقامگیری هەنووکە، ڕێگەیەکی دیکەمان نییە جگە لە شیکاری هەلومەرجی ئەگەرەکانی دۆخی هەنووکەیی.

ئـەو شـتەی کـە لـەم برگـە مێژووییەدا دێتە بـەرچـاو، ئـەوەیە کـە لـەسـەر بـنـەمـای گـەورەیی ڕیسکەکان و گەورەیی دوواکەوتوویی ئێمەش لە خستنەڕووی بنەمایەک بۆ ئەم جۆرە باسانە، زۆر درەنگ هەنگاو دەخەینە ڕێگەیەک کە دەبوا هەر لەم کاتەدا بەرهەمە دەستنشانکراوەکانیمان دەستەبەر بکردایە. ئەم بابەتە بە مانای سڕبوونێکی پشتبەخۆبەستوو نییە کە بەهۆی پەراوێز و سوکایەتییەوە گیرۆدەی بووبێتین، بەڵکوو پێویستە پرسیاریش بکەین بۆچی نەخراوەتە ڕوو و گرنگی پێنەدراوە؟

---

**بێهزاد خەشایار**

لێکۆڵەر و هاوکاری بەشی "بیرکردنەوەی فەلسەفی" ئەستێڵ

# هیرۆگلیفی عەقڵ

هەر بــاسێک سەبــارەت بە تیۆری دەوڵەتی تــایبەتی هێگڵ، دەبێت بەرەنــگاری ئەم گــریمانە نــاوخۆییە بێتەوە کە لەو بــاوەڕەدایە هێگڵ لایەنــگری فۆڕمێکی زۆردارانە (ئۆتۆریتاریەن) لە حکومەتە. پاژەکانی پێشووی ئەم کتێبە هەوڵی پێشاندانی ئەوەیان دا کە ڕوونکردنەوەیەکی ئاوا ڕووکەشی و ســادە چەنــدە لە حەقیقەت دوورە. ئێستا کە گەیشتووینەتە نــاوەنــدی تیۆری دەوڵەتی هێـــــــگڵ، هەر بەو جۆرەی کە لە فەلــسەفەی حەقــدا شی کــــــــرایەوە، دەبێ ئــاگــادارکردنەوەیەکی دووبــارە لەسەر لێکسازرانی پێوابــوونەکانی هێگڵ سەبــارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت تۆمار بکرێت.

یەکێک لە پێوابــوونەکانی هێگڵ کە ڕەنــگە لە پێوابــوونەکانی دیکە زۆرتــر بەرپــرسیار و کاریگەر بووبێت لە سەرهەڵدانی ئەو پێشگریمانەی کە باسمان کرد، لە پاشکۆی §258 دەردەکەوێت. لە دەقی سەرەکی ئەڵمانیدا ئــاوا دەخــوێنرێتەوە: 'Es ist der Gang Gottes in der Welt, dass der Staat ist.' «دەوڵەت ڕێڕەوی خــودایە لە جیهانــدا.»[1]، «بــوونی دەوڵەت، ئامادەیی خــودایە لەسەر زەوی.»[2] یان «ڕێڕەوی خودا لە جیهاندا هەر ئەو شتەیە کە دەوڵەتە.»[3]

نیشانە و چەمکەکان ڕوونـــن، بەڵام هێشتا هیچ کام لەم بەرانـــبەر و وەرگێڕانـــانە تەواو نین. ڕســـتەســـازی ئەڵمانیی هێگڵ لێرەدا بێ گـــومـــان جۆرێک پەرۆشی پێوە دیارە؛ و دەکرێت بەم واقعیەتەوە پەیوەندی بدەین کە ڕستەکە لە هاوپێچێکەوە هاتووە. لە دەقێکەوە هاتووە کە لە چاپەکەی هێگڵ بۆ فەلسەفەی حەق نەگونجێنراوە، بەڵام لە لایەن سەرنووسەری پاش مەرگی،

---

[1] Hegel, Selections, ed. J. Loewenberg (New York, 1929), p. 443.

[2] In E. F. Carritt's article on 'Hegel and Prussianism', reprinted in Kaufmann’s Hegel's Political Philosophy, p. 36.

[3] Knox's translation, p. 279. بە شێوەیەکی دیکە ئــاوایە: «ئەوە ڕێڕەوی خــودایە لە ڕێگەی جیهانێکەوە کەوا دەوڵەت بنیات دەنێت.»
The Philosophy of Hegel, ed. C. J. Friedrich (New York, 1953), p. 283.

ئێدوار گەنس، ئێستا لە ڕێگەی یادداشتی خوێندکارانی بەشدار لە وانەکانی هێگڵدا زیاد کراوە. هەر بەو شێوەی کە لەم دووایانەدا کاوفمن ڕوونی دەکاتەوە؛ وەرگێڕان و داڕشتنی درووستی ئەم ڕستەیە ئاوایە: «ئەمە ڕێگەی خودایە لە جیهاندا کەوا دەبێت دەوڵەت بوونی هەبێت.»[4] ئەو شتەی کە هێگڵ مەبەستیەتی ئەوە نییە کە دەوڵەت "ڕێڕەوی خودا" لەسەر زەوی یان هەر شتێکی پەیوەندیدار بەم بابەتەوەیە؛ بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە بوونی دەوڵەت خۆی بەشێک لە ستراتژییەکی ڕۆحانی (خودایی)یە، نەک ئەوەیکە تەنیا دەسکردێکی بە ڕێکەوتی مرۆیی بێت. دەکرێت بە ئاوا ڕوانینێکەوە بەڵگاندێکی دیکە بکرێت، بەڵام ئەمە هیچ لەو بێزاری و هەڵەتێگەیشتنەی کە وەرگێڕ و نووسەران سەبارەت بە هێگڵ درووستیان کردووە، ناچێت. ئەوان پەیام و مانایەکیان لە کاری ئەودا خوێندووەتەوە کە لە دەرەوەی باسی ڕستەسازی (سینتاکس) بوونی نییە. گەر ئەمە تەنیا وەرگێڕانێکی هەڵە بووایە، تەرخانکردنی کات بۆی سوودی نەدەبوو، بەڵام ئەم وەرگێڕانە هەڵەیە بۆ دەستەوشەکەی هێگڵ، لە ئەدەبیاتی ڕەخنەییدا بووەتە سەلماندێکی پەسەندکراو و حاشاهەڵنەگر لە ناواخنی ئۆتۆریتاریانیزمی تیۆری دەوڵەتی هێگڵ.

سەرەڕای خاڵی سەرەوە، دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ کە تیۆرییەکەی هێگڵ ناتوانرێت بە شێوەیەک وەربگیردرێت و ڕاڤە بکرێت کە بگەڕێتەوە بۆ **جۆرێک** لە دەوڵەت؛ ئەمە ئایدیایەک لە دەوڵەتە کە هێگڵ کاری لەگەڵ دەکات. هیچ جۆر یان شێوەیەک لە دەوڵەت ناتوانێت هەبێت مەگەر تەنیا لێکچوونێک لە خودی **ئایدیاکە**.[5]

لە ئاستی بەڵگە مێژووییەکانیشدا، ئێمە دەزانین تێڕوانینی هێگڵ سەبارەت بە دەوڵەتی پرووس، زۆر لە قبوڵکردنێکی چارەنووسباوەڕانە دوور بوو؛ ئەو شتەی کە دەبێت جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە لە ڕووی تیۆرێتیکاڵیشەوە، ئایدیای دەوڵەت ناتوانێت لەگەڵ هیچ شێوەیەک لە دەوڵەتێکی بابەتی یان دەسنیشانکراو بناسرێتەوە؛ هەر وەکوو مۆدێلی کۆمەڵگای

---

**4** Kaufmann, Hegel's Political Philosophy, p. 279.

**5** J. N. Findlay, The Philosophy of Hegel, 2nd printing (New York, 1966), p. 326; cf. Rosenkranz, Hegels Leben, p. 332.

مەدەنی کە نـــاکرێت لەگەڵ هیچ مێکانیزمێکی واقعی بـــازاڕ بە یەک جۆر هەڵسەنـــگانـــدنی بۆ بکرێت. لە هەمـــان پەرەگـــرافـــدا کە ئەو ڕســـتە بە هەڵەوەرگێڕدراوەی لێ زەق دەکەنەوە، هێگڵ سەبارەت بەم خاڵە یەکجار ڕاشکاوە:

«بە سەرنـج لەسەر ئـایدیای دەوڵەت، ئێمە نـابێت دەوڵەت یان دامەزراوە تـایبەتەکان بهێنینە پێش چـاو... بە شێوەی بنەمایی هەر دەوڵەتێک دەتوانرێت خراپ پێشان بدرێت، یان ئەم یان ئەو ناتەواوییەی تێدا بدۆزرێتەوە... دەوڵەت بەرهەمێکی هونەری ئایدیاڵ نییە. لەسەر زەوی وەستاوە و بەم بۆنەوە لە نێو پانتایی ئارەزوو، شانس و هەڵەدا جێ دەگـرێت. کردەی هەڵە ڕەنـگە لە زۆر ڕەهەنـدەوە لە قەوارەی بـخات. دزێوتـرین، تـاوانـبارتـرین یان پەککەوتـــووتـــرین مـــرۆڤەکان هێشتا [خـــاوەن] بـــوونێکی مـــرۆیی زیندوون. بـــواری ئەرێیی، ژیان، سەرەڕای نـــاتەواوییەکانی، هێشتا زیندوو و لەسەرپێ دەمێنێتەوە و ئەم بـــواری پـــازێتیڤەیە (ئەرێیی) کە لێرەدا مـــژاری ئێمەیە.»[6]

ئەمە هەر ئەو مەبەســـتەی هێگڵە کە نـــاوی "هیرۆگلیفی عەقڵ"ە[7] کە بە هۆیەوە دەبێت هەر شـــتێکی هەڵکەوت و هەڕەمەکی لابـچێـت، تـــاکـــوو لە ژێرەوەڕا شـــتە عەقڵانی و زاتییەکەی بدۆزرێتەوە.

هێگڵ دەیسەلمێنێت عەقڵانیەتێک کە لە جیهانی مـرۆڤدا تەشەنە دەسێنێت، بۆ یەکەمـجار لە نێو دەوڵەتـدا دێتە ئـاشکرا بوون. ئەم عەقڵانیەتە لە نێو بنەمـاڵەدا هێشتا لە پشـت سۆزداری و هۆگـریدا شـاراوەیە؛ و لە نێو کۆمەڵگای مەدەنیدا لە ئـاسـت کەرەسـتەیەک بۆ بەرژەوەنـدی تـاک ئـاشکرا دەبێت. تەنیا لە مەڵبەنـدی دەوڵەتـدایە کە عەقڵ ئـاگـای لە خۆی دەبێت؛ بە وتەیەکی دیکە، تەنیا لە نێو دەوڵەتـــدا کردەکانی مـــرۆڤ لەگەڵ ڕاکێشانەکانیدا دەبێتە یەک. مـــرۆڤ دەزانێت کە چی دەوێت و بە پێی ئەوە کردار دەنوێنێت:

«دەوڵەت ڕاستەقینەبوونی ئایدیای ئەخلاقییە. ئەمە زەینێکی ئەخلاقییە کە وەک ئیرادەیەکی جەوهەری بۆ خۆی دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، خۆی دەناسێت و بیر لە خۆی دەکاتەوە، بەڕێوەی دەبات ئەو شتە تا ئەو ئاستەی

---

6 Philosophy of Right. addition to § 258.

7 Ibid. addition to § 279.

که دەیزانێت... **خۆ-ئـاگـایی**... لە نێو دەوڵەتـدا لە شێوەی **زات**، **کۆتـایی** و **بەرهەمی چـالاکییەکانی** و **ئـازادییە جەوهەرییەکەی خۆی**، دەدۆزرێتەوە.»[8]

ئەم چرکەساتە ئەخلاقییە لە نێو دەوڵەتدا، یەکێتی ئاگایی زەینی (سابجێکتیڤ) و نەزمی عەینییە (ئابجێکتیڤ) لە نێو خۆ-ئاگاییدا کە لە نێو تاکەکاندا بە دەست هاتووە؛ خۆ دەناسێت، کەواتە ئابجێکتێکە بۆ زانین.[9] کەواتە چالاکی مرۆڤ لە نێو دەوڵەتدا دەکەوێتە جوڵە، ئەویش لە ڕێگەی نـاسینەوەی ئەو شـتەی کە ڕێکخراوە [یان نەزمی وەرگـرتـووە] دووا سەرچـاوەکەی خۆی لە نێو ئیرادەی زەینیدا (سـابجێکتیڤ) دەبینێتەوە: یاسـا سەپـانـدنێکی دەرەکی نییە کە دەقـاودەق بە هەر شێوەیەک ڕەوایی هەبێت، بەڵکوو دەربڕینی ئیرادەی تاکە:

«[یاســاکان] شــتێک نــامۆ بۆ ســابجێکت نین. بە پێچەوانەوە ســابجێکت بە پێی زاتەکەی، کە خۆییبوونی (Selbstgefühl) خۆیەتی، ڕۆحەکەی، شــایەتیدان لەسەر ئەوان [یاســاکان] دەخــاتە ئەســتۆی خۆی. وەکوو پارچەگەلێک کە لە خۆی دابڕاو نییە، دەژیت - پەیوەندییەک کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە نەزمێکی ئەخلاقی لەڕێگەی پەیوەندێک، کە لە ناسنامەوە نزیکترە، نەک ئیمان و متمانە.»[10]

دەرەنــجامە سیاسییەکانی ئــاوا ڕوانینێک لە لای هێگڵ ڕوون کراوەتەوە: «ئێستا گەر بڵێین مـرۆڤەکان ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە دژ بە بەرژەوەنـدی، ئـامـانج و خـواستەکانی خۆیان بەڕێوە بچن ئەوە [دەربڕینێکی] گەمژانەیە.»[11] لە جێگەیەکی دیکەشدا دەڵێ:

«کاتێک شەو لە شەقــامــدا بە ئــاســایش پیاسە دەکەین، سەرنجڕاکێش نییە کە جیا لەمە بێت. ئەم عــادەتی هەستکردنە بە ئاسایش، دەبێتە سروشتی دووەم، هەروەها ئێمە ناگەڕینەوە بۆ ئەوەی کە چۆن چۆنی هۆکاری ئەم شـتە تەنیا لەبەر کاری دامەزراوە تـایبەتەکانە. بیرکردنەوەی ئـاسـایی زۆرجـار وا دەڕوانێت کە **دەسەڵات** [یان

---

8 Ibid. § 257.

9 Ibid. § 146; cf. also § 144.

10 Ibid. § 146; cf. also § 144.

11 Ibid. addition to § 281.

هێز] دەوڵەت ڕاگیر دەکات، بەڵام لە ڕاســتیدا تەنیا پێکەوەبەســتراوییەکەیەتی کە واتــای بــنەڕەتی نەزمەکەیە [ڕێکخستن]. هەمووانیش خاوەنی [ئەم واتای بنەڕەتی نەزمەن].»[12]

ئەم نـاسـنامە ئـاگـایەی سـابجێکت و دەوڵەت، هەڵـومەرجێکە بۆ پێئاژۆی [کارکردی] گـونجاوی ئاسایشی گشتی و وڵات. کاتێک ئەم ئاگاییەی ناسنامە کار نەکات، ئەوە دەوڵەت ڕووبەڕووی تیاچوون بووەتەوە:

«دەوڵەت تەنیا کاتێک ڕاسـتەقینەیە کە ئەنـدامەکانی هەسـتی خۆیبوونی خۆیانیان هەبێت و تەنیا کاتێک ئەمە سەقامگیرە کە ئـامـانجە کەسی و گشـتییەکان وەک یەک بـن. زۆرجـار دەگـوترێت کۆتـایی دەوڵەت بەخـتەوەری هــاووڵاتییانە. ئەمە بە تەواوی ڕاســتە. گەر هەمــوو شــتێک بۆ ئەوان [هــاوڵاتییان] بــاش نەبێت، ئــامــانـجە سابجێکتیڤەکانیان بەدی نەیێت، گەر ئەوان پێی بەوە نەبەن کە دەوڵەت بە واتای ڕەزامەندی ئەوانە، ئەو کات جێ پێی خودی دەوڵەتە کە لەق بووە.»[13]

هێگڵ ئــامــاژە دەکات کە **نیشـتمـانپەروەری** تەنیا ئــامـــادەیی نییە بۆ فیداکاری لە کاتی تەنــگەتــاویدا، بەڵکوو زۆرتــر ئەوە **زانینی مــنە** کە بەدیم دەهێنێت؛ ئەویش لە ڕێگەی ژیان لە پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا. واتە لە نێو «ئاگایی بەوەی کە بەرژەوەندییەکانم -کە هەم جەوهەری و هەم تـایبەتـن- لە نێو بەرژەوەنـدی و ئـامـانـجەکانی ئەویتر (واتە لە نێو دەوڵەت) دەگـونجێت و دەپـارێزرێت؛ واتە لە نێو پەیوەنـدیی مـن لەگەڵ ئەوانیتر وەکوو تـاکێک.»[14] بە پێی تێڕوانینی هێگڵ، سڕی نیشتمانــپەروەری لە نێو تێگەیشتنی هــاووڵاتییانــدا شــاراوەیە «کە دەوڵەت وەکوو جەوهەری خۆیان دەناسن، چونکە ئەوە دەوڵەتە بوارە تایبەتەکانی بەرژەوەندیی خۆی لەگەڵ مافی خاوەنداری، ئۆتۆریتە و بەختیاری پێکەوە دەپارێزێت و ڕای دەگرێت.»[15]

---

**12** Ibid. addition to § 268.

**13** Ibid. addition to § 265.

**14** Ibid. § 268.

**15** Ibid. § 289.

هێگڵ لە لێدوانێکدا کە وەبیرهێنەرەوەی ڕووسۆیە دەڵێت «لە نێو دەوڵەتــدا، وەکوو شــتێکی ئەخلاقی، لە پێناو تێکەڵبوونی شتی جەوهەری و شتی تایبەت، پابەندی و وەفاداریی من بۆ ئەو شتەیە کە جەوهەرییە، چونکە لە هەمانکاتدا وێنای ئازادیی تایبەتی منیشە.»[16] هێگڵ ئەوەش زیاد دەکات کە لە نێو ئەم نــاســنامە جیهانی و ئیرادە تــایبەتەدا «حەق [مــاف] و ئەرک دەبــنە یەک» چونکە مرۆڤ «تا ئەو کاتەی ئەرکی هەیە مافیشی هەیە؛ تا ئەو ئاستەش ئەرکی هەیە کە خاوەن مافە.»[17]

کەواتە دەوڵەت لەسەر ئازادیی عەقڵانی ڕاوەستاوە، بە شێوەیەک ڕێکخراوە کە هەرکەس بەتوانا دەکات تـا ئـازادی خۆی لە نێو پەیوەسـتبوون بە ئەوانی تـرەوە بەدی بهێنێت؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگای مەدەنی تەنیا لە ڕێگەی لەبەرچـاوەنەگـرتنی ئـامـانـجەکانی ئەوانی تـر دەتـوانێت لە ئامـانجەکانی خۆی تێبگات. هەر بۆیە مـانـای یەکسەر تاکخوازانەی ئازادی، کە هیچ سنوورێک بۆ هەڵبژاردنی دڵخوازانەی تـاک دیاری نەکات، دەبێت جێگەی خۆی بە نەزمێکی ئەخـلاقی بـدات کە ئــازادی مــن بە ئــازادی ئەوی تــر دەبەســتێـتەوە. دەوڵەت «ئــازادیی جیـهـانی و عەیـنییە (ئـابجێکتیڤە).»[18] بۆیە ئـایدیای دەوڵەت بە دەســت نەهـاتــووە، بەڵکوو دەرەنــجامی گەشەی مێژووییە؛ لەم لاینەوەیە کە تەنیا لە سەردەمی مۆدێرندایە کە ڕەگەزی **سابجێکتیڤیتە** و **ئازادی** لە نێو دەوڵەتــدا پەیدا دەبــن؛ ئەم ڕەگەزە لە نێو چەمکی پۆلیسی کەونــاردا نــادیار بــوو: «لە دەوڵەتانی سەردەمی کەونـاردا ژیانی ئەخـلاقی لە نێو ئەم سیستمە ئازادەی نەزمی ئـابجێکتیڤی

**16** Ibid. § 261.

**17** Ibid. § 155.

**18** Ibid. § 33.

خۆ-ڕاوەستاودا گەشەی نەکردبوو. کەواتە لە ڕێگەی لێهاتوویی تاکەکەسیی مرۆڤەکان، دەبوا ئەم کەموکۆڕییە چاک بکرایەت.»[19]

کەواتە دەگەینە دەوڵەتی مۆدێرن کە لەسەر بنەمای سابجێکتیڤیتەیە. هێگڵ لە وانەکانیدا سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو، جەخت لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی بنەمای سابجێکتیڤیتە دەکات، کە وردەوردە بە چەند قۆناخی مەسیحیەت، سەردەمی چاکسازیی و شۆڕشی فەڕانسا، گەشەی کردبوو.[20] لە پۆلیسی کەوناردا، سابجێکتیڤیتە لە ژێر جیهانێتی نێوانجینەکراوی پرسی سیاسیدا پۆلێن دەکرا. لە سەردەمی فێئۆداڵیزمدا ئیرادەی تایبەت بە بۆنەی لە خۆگرتنی جیهانێتی یان بەجیهانیکردن، سەرپەرشتی بوارەکانی دەکرد، بەڵام دەوڵەت و تەنیا دەوڵەتی مۆدێرن توانی ئەم دوو چرکەسات و مۆدێلە لە نێو پێکهاتە جیاوازەکەی خۆیدا یەکبخات:

«دەوڵەتی مۆدێرن خاوەن هێزێکی دەسرۆشتوو و قووڵاییەکی لەڕادەبەدەرە، چونکە ڕێگە دەدات بنەمای سابجێکتیڤیتەکەی بە تەواوی دابڕاو لە تایبەتێتی کەسیی گەشە بکات و هاوکاتیش [ئەم سابجێکتیڤیتەیە] دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکێتییە جەوهەرییەکەی؛ هەر بۆیە تایبەتێتی لە نێو بنەمای دەوڵەت دەپارێزێت...
زاتی دەوڵەتی مۆدێرن، پرسی جیهانی و ئازادیی کامڵی تایبەتێتی پێکەوە گرێدەدات. وەکوو بەختیاریی تاکەکان... پرسی جیهانی یان جیهانێتی دەبێت چالاکانە گەورەوە بێت، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە سابجێکتیڤیتە دەبێت بە شێوەی گشتی گەشە بکات. تەنیا کاتێک کە هەر دوو پێکهێنەرەکە پێکەوە بەهێز بن، دەتوانین دەوڵەت جومگەدار و لە ئاست ڕێکخراوی ڕاستەقینەدا پێناسەی بکەین.»[21]

لە سۆنگەیەکی دیکەوە ئەمە ئاماژە بەوە دەدات کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، پەیوەندیی سیاسیی مرۆڤ دەبێتە پەیوەندیی زاڵی ئەو؛ «بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بەوەیە کە

---

[19] Ibid. § 150. Cf. addition to § 261:

«لە دەوڵەتانی سەردەمی کەوناردا، ئامانجی سابجێکتیڤ بە سادەیی لەگەڵ ویستی دەوڵەت یەکێک بوو. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا، ئێمە بانگەشەگەلێک بۆ داوەری کەسی، ئیرادەی کەسی و ویژدانی کەسی دەکەین.»

[20] Philosophy of History, pp. 413-37, 438-57.

[21] Philosophy of Right, § 260, and addition.

لە درێژەی پەیوەستەکەدا دەڵێ: «ئەو دەوڵەتانەی گەشەنەکردوون کە هێشتا ئایدیای دەوڵەت تیایاندا داپۆشراوە و دیاریکراوە تایبەتەکانی هێشتا بە خۆ-ڕاوەستاوەیی ئازاد نەگەیشتوون.»

گشـتێتی چـالاکی تـاک لە ڕێگەی ئیرادەی ئەوەوە [واتە دەوڵەت] نێوانجی بکرێت.»[22] ئەم خـاوەن ئیرادەبـوونە کە لە نێو دامەزراوەکانـدا دەربڕدراوە، مـانـای سیاسیکردنی ژیان ئەدات. بە واتـای ئەوە نییە کە مەیدانێکی نـاسیاسی بـوونی نییە؛ بە پێچەوانەوە دیمان کە هێگڵ جەختی لەسەر زەرووەرەتی بـوونی بـوارە خـودمـوختـارەکان و جەسـتە خۆبەخـشەکان کردەوە؛ و هەروەهـا هێگڵ جەختی لەسەر ئەوەش کردبـوو کە مەیدانە نـاسیاسییەکانی ژیانی مـرۆڤ -بـنەمـاڵە، کۆمەڵگای مەدەنی و تەنـــانەت کڵێـسا- دەبێ ژیـانێک بەرەو پێـش بەرن کە لە دەوڵەت دابڕاو و سەربەخۆ بێـت. هەر جۆرێک بێـت ئەمە بڕیـارێکی سیـاسییە کە دەڵێـت دەبێ وا بێـت و تێـگەیـشـتـن لە پلۆراڵیزمی پەسەنـد لە لای هێگڵ، نـابێت سەرنجەکە لەسەر ئەم واقـعە هەڵگرێ کە **[پلۆراڵیزم]** لەگەڵ **پێشەکی یەکلاکەرەوەی پـرسی سیاسیدا** هــاوبـــوونــن. ئەمە هەر ئەو پێشەکییەیە وا هەنـدێک لە ڕاڤەکارەکان بە هەڵە بۆ ئـاشکراکردنی تـایبەتـمەنـدی ئۆتۆریتاریەنی هێگڵ دەسـت دەخەنە سەری. گەرچی ئـاوا ڕاڤەیەک هەڵەیە، بەڵام ئەمەش بەو واتـایە نییە کە تێڕوانینی هێگڵ لەگەڵ لیبراڵیزمی کلاسیک دەگـــونجێت. دووەمیان [واتە لیبراڵیزمی کلاسیک] لە ئـــاســـتی جۆراوجۆردا، هەمـووکات گـومـانی لە دەوڵەت هەبـوو و لە بـاشـترین حـاڵەتـدا پێکهاتەکانی دەوڵەتی تەنیا وەکوو گەرەنتیی ئـازادیی تـاک دەدی. [ئـازادییەک] وا لە دەرەوەی بـوونی دەوڵەت ڕادەوەسـتێت. بەڵام ڕوانینی هێگڵ بۆ دەوڵەت لەسەر ڕۆڵی پـازێتیڤی خـودی بـوونی [دەوڵەت] دەوەستێت؛ واتە دەوڵەت وەکوو گیانبەبەرداکردنی (جەستاندنی) خۆ-ئاگایی مرۆڤ.

هەروەهـا خـودی ئەمە دەرخەری تـوانسـتی تێڕوانینی ڕەخـنەیی هێگڵە ڕوو بە پـرسی دەوڵەت. دەوڵەت وێنای بـاڵاتـرین پەیوەنـدیی مـرۆڤە لەگەڵ بـوونە مـرۆییەکانی دیکەدا، کەواتە پێئاژۆی دەوڵەت مەرجـدارە، نەک مـوتڵەق. بۆ ئەوەی کە لێهاتـوو و شیاوی وەهـا ڕۆڵێک بێت، دەبێت دەوڵەت ڕەنـگدانەوەی خۆ-ئـاگـایی تـاک بێت. لەم ڕووەوە هەمـوو دەوڵەتێک خـاوەنی ئەو تـایبەتـمەنـدییانە نییە کە هێگڵ بۆ شیکردنەوەی ئـایدیای دەوڵەت لەسەری دەوەسـتێت.

22 Ibid. addition to § 299.

سەرەڕای ئەمەش، ئەوە شێوازی دامەزراوەکانی دەوڵەتە کەوا دیاری دەکات کە ئایا خۆ-ئاگایی تاکی، دەربڕینی شیاوی خۆی لە هەر نموونەیەکی تاقانەدا دەدۆزێتەوە یان نا:

«دەوڵەت بە شێوەی ڕەبەق (موتڵەق) عەقڵانییە تا ئەو کاتەی کە ڕاستەقینەبوونی ئیرادە جەوهەرییە؛ کردەیەک کە لە نێو خۆ-ئاگایی تایبەتدا [کەسی] دەبێتە خاوەنی ئەو ئاگاییەی کە بەرەو ئاگایی لە جیهانێتیی خۆی هەڵکشاوە. ئەم یەکێتییە جەوهەرییە، ئامانجێکی موتڵەقی نەگۆڕ و نەجووڵە کە لە ناویدا ئازادی بەرەو باڵاترین حەقی خۆی دەگات. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم ئامانجە کۆتاییە، خاوەن باڵاترین حەقە لە بەرانبەر تاکدا، کە باڵاترین ئەرکیان ئەندامبوون لە نێو دەوڵەتدایە.»[23]

هەرچەنە گونجاندنی **دەرەکی** لەگەڵ یاسادا، بەو پێیەی خاوەنی چرکەساتی ئاگایی نییە، لە نێو خۆیدا تەنیا ڕیچواڵێکی (داب‌ودەستوور) پووچە.[24] کاتێک هێگڵ لە پێشەکی فەلسەفەی حەقدا دەڵێت کە دەوڵەت «وەها عەقڵێکە کە خۆی لە نێو  پێکهەنەری خۆ-ئاگاییدا ڕاستەقینە کردووەتەوە.»[25]؛ ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دامەزراوەکان وەکوو بەرهەمی ئۆرگانگەلی زۆرەملێیانەی دەرەکی [داسەپاو] نین؛ بەڵکوو دەبنە درێژکراوەکانی خودی خۆ-ئاگایی مرۆڤ بەگشتی:

«دەوڵەت ڕاستەقینەبوونی ئازادی کۆنکرێتە. بەڵام ئازادی کۆنکرێت لە سەر ئەوەدا بنیاتنراوە کە تاکێتیی کەسی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی نەک تەنیا گەشەی کاملّی خۆیان بە دەست دەهێنن و بە ڕاشکاوی بە فەرمی دەناسرێن (لە نێو پانتایی بنەماڵە و کۆمەڵگای مەدەنی) بەڵکوو بۆ یەک شت، ئەو تاکێتی و بەرژەوەندییە تایبەتانە لە پێناو بەرژەوەندی یونیڤێرساڵ (عەقڵانیەتی گشتی) لە خۆیان تێدەپەڕن و شتە یونیڤێرساڵەکە دەناسن و ئیرادەی دەکەن... دەرەنجام ئەوەیە کە پرس یان شتە یونیڤێرساڵەکە زاڵ نابێت و بە کاملّبوونی خۆی ناگات، مەگەر لە تەنیشت بەرژەوەندییە تایبەتەکان و لە ڕێگەی هاوکاری ناسین و ئیرادەکردنی تایبەتەوە. هەروەها تاکەکانیش وەکوو کەسگەلێکی خاوەن ژیانی تایبەت نین کە تەنیا بۆ ئامانجەکانی خۆیان دەژین، بەڵکوو ئەوانیش

23 Ibid. § 258.

24 Ibid. § 258.

25 Ibid. p. 4.

لە کردەی ئیرادەکردنـدا لە ژێر تیشکی پـرسی یونیڤێرسـاڵدا دەبـنە ئـونیڤێرسـاڵ [گشـتی] و چـالاکییەکانیان بە شێوەی ئاگایانە شتێک جیا لە پرسە ئوینیڤێرساڵەکە ناگەیێنێت.»[26]

هێگڵ سەرەڕای ئەمەش، وشیارە کە لە سۆنـگەی بەرژوەنـدییە کەسییەکانیی تـاکەوە، ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەت هەنـدێکجار وەکوو پێویستییەکی دەرەکی[27] ببینرێت و لە ڕاسـتیدا ئێمە لە فەلـسەفەی واقعیدا (Realphilosophie) ڕووبەڕووی چەمکێکی هـاوشێوە دەبینەوە. بەڵام لە سەرووی ئەم دەرکەوتە دەرەکییە، دەوڵەت هەر ئەوەنـــدە لە نێو خۆ-ئـــاگـــایی تـــاک جێخۆیە (نـــاونشین) (immanent) کە کەسێک، بۆ بە فەرمی نـــاسینی کەســـایەتی خۆی پێویستی بە ئەویتـرە. ئەم خـوێندنەوەیە بۆ چەمکی ئەرکیش هـاوشێوەیە، کە هێگڵ لە واتـا دەرەکییەکەدا وەکوو سنوور یان بەربەست دەیبینێت. هێگڵ بە دووپاتکردنەوەی مژارێکی کانت -هەرچەنە لە نێو بەســتێنێکی دامەزراوەیی جیاواز- ئـــاشکرای دەکات کە ئـــازادیی مـــرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی تێپەڕانـدنی ئـابسـتراکشن و کۆنکرێت [بەرهەسـتبوونەوەی] و لە نێو پەیوەنـدییەکدا، دەتـوانێ خۆی دەرببڕێت:

«[زۆرجار] ئەرک یان پابەندی تەنیا وەکوو کۆتوبەندی سابجێکتیڤیتەیەکی دیارینەکراو و ئازادییەکی ئابستراکت دەردەکەوێ، یان وەکوو جووڵەیەکی سروشتی یان ئیرادەیەکی ئەخلاقی کە لەگەل خێرێکی دیارینەکراو، تاوتاوانە هـــاودەق دەبێت. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە تـــاک لە نێو ئەرکدایە، کە ئـــازادی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەو لە ڕکێفی جـووڵەیەک کە تەنیا سـروشـتییە ئـازاد بووە. ئەو لە بەسـتراوەیی بەو شتەی کە بە شێوەی زەینی و تـایبەت بەرەو ڕێگەدان و فەرمانی ئەخلاقی ڕایدەکێشا، ئازاد دەبێت. هەروەها ئازاد دەبێت لەو سابجێکتیڤیتە پێناسەنەکراوەی کە لەنێو بەدیهاتـــن عەینی کردەدا هەڵناقـــوڵێت و لە نێو نـــاواقعیەتیی شـــپرزیی خۆیدا دەمێنێتەوە. [بۆیە] لە ئەرکدایە کە تاک ئازادانە دەچێتە نێو ئازادییەکی جەوهەرییەوە.»[28]

بـــاسێکی ڕەخـــنەیی دێتە ئـــاراوە، هێگڵ لەسەر جیـاوازی نێوان ئەکچواڵیتی (Wirklichkeit) (ڕاسـتەقینەبـوون) و دازاین ڕادەوەسـتێت، تـاکوو پێشنیاری ئەوە بـدات کە دەوڵەتێک کە تێدا

---

26 Ibid. § 260.

27 Ibid. § 261.

28 Ibid. § 149.

پـرسی تـایبەت و گشـتی (یونیڤێرسـالٚ) یەکگرتـوو نین -واتە دەوڵەتێکی خـراپ- ئەوە تەنیا لە پانتایی دازایندا [کە دەوڵەت] لە پەیوەندیدایە و لە عەقڵانیەت بێبەرییە:

«دەوڵەت ڕاسـتەقینەیە و ڕاسـتەقینەبـوونەکەی لە نێو ئەم شـتەدا بنیاتـنراوە کە بەرژەوەنـدیی گشـت، لە نێو و لەگەڵ ئامانجە تایبەتەکان بەدی دێن. ڕاستەقینەبوون هەمووکات یەکگرتوویی پرسی یونیڤێرسالٚ و تایبەتە... لە شـوێنێک وا ئەم یەکگرتـوویە نەبێت، تەنـانەت گەر بـوونیشی مەیسەر بـووبێت، ئەوە شـتێکی ڕاسـتەقینە نییە. دەوڵەتێکی خـراپ دەوڵەتێکە وا تەنیا بـوونی هەیە؛ جەسـتەیەکی نەخۆشیش بـوونی هەیە، بەڵام واقعیەتێکی ڕاستەقینەی نییە...»[29]

هەر ئەم ئـامـاژەیە هێرشی هێگڵ بۆ سێ هێڵی تیۆریکی چـاکسازیی لە لایەن کەسـانی وەک -سـاڤیگـنی، مـوولـر، هەڵێر- ڕوون دەکاتەوە. لە نێـو کـاری هەر سێ بیـرمەنـدەکە، هێگڵ فەلـسەفەیەکی سیاسی دەدۆزێتەوە کە لە کۆتـاییدا دەوڵەت لەسەر دەسـتووردان، هێز و قبوڵکردنێکی نارەخنەیی بوونێکی پازێتیڤ ڕادەوەستێنێت. هێگڵ لە پەراوێزێکی دووردرێژدا کە هێرش دەکاتە سەر ئەم چـوارچێوە تیۆریکە، نەریتخوازیی هەڵێر وەکوو «تێپەڕین لە فکر» و پڕ لە «نفرەت لە یاسا و یاسادانان» پێناسە دەکات. لە درێژەشدا دەڵێت: «نفرەت لە یاسا و مافێک کە لە یاسـادا دیاریکراوە، جۆرە بـاوەڕێکی ڕزیوە کە بە بۆنەیەوە دەمـارگـرژی، زەینی شڵەژاو و هیپۆکراسیی نییەتە چـاکەکان، بە ڕوونی لە نێویدا ئـاشکرا دەبێت؛ هەرچەنـدیش کە لە ڕێگەی جۆراوجۆر خۆی بشارێتەوە.»[30]

ڕەدکردنەوەی عەقڵانیەتی ڕێکخستنەوەی یاسا لە لای هەڵێر، ئەوەمان پێشان دەدات کە توانایی هێز، ڕاسـت و یەکلاکەرەوەیە و جیهانی ئـاژەڵان دەبێتە پـارادایمی کۆمەڵگای سیاسی. بە پێی ڕوانینی هەڵێر «ئەوە بڕیارێکی ئەبەدی و نەگۆڕی خـودایە کە دەسەڵاتی بەهێزتـر دەبێت فەرمـان

[29] Ibid. addition to § 270.

[30] Ibid. § 258.

بگێڕێت و هەتاهەتایە فەرمانگێڕ بێت. ... [بۆ هەڵێڕا]، توانای هێز دادوەری و ئەخلاق نییە، بەڵکوو دەسەڵاتی ناعەقڵانیی هێزێکی بێبەزەییە»[31]

هێگڵ پشـتڕاسـتی دەکاتەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتە مێژووییەکان لە ئـاکامی هێزەوە درووسـت کرابێتن، بەڵام «پـرسیار لە فۆڕمێک وا ئەو دەوڵەتـانە لێیەوە سەریان هەڵداوە، بەتەواوی شتێکی جیایە لە وردبوونەوە لە بنچینەی عەقڵانییان.»[32] لای هێگڵ گرنگترین هەڵەی هەڵێڕ ئەوەیە کە هەر شـتێک لە ڕابـردوو تـا ئێستا ڕووی داوە، بە بێ جیاوازیدانـان وەکوو ڕەواییدانێکی گشتی بۆ داهاتوو دەبینێت. لەم خوێندنەوەدا هیچ پێوەرێکی گەشە بوونی نابێت و ناکرێت بەسەر هیچ شتێکدا تێپەر بین یان بیگۆڕین و بۆ ئاستێکی سەرتر بیگوازینەوە. کەواتە سەرەتاییترین قۆناخی مێژووی مرۆڤ، وەکوو پێوەرێکی ڕەواییبەخش بۆ رەفتار و ئاکاری ئێستا دەردەکەوێت.

لە بەسـتێنی ئەم بـاس و بەڵگانـدنە لەگەڵ هەڵێڕدا، هێگڵ ڕایەکی سەرنجڕاکێش سەبـارەت بە ڕووسۆ دەخـاتە ڕوو. هـاوکات کە هێگڵ ئەوەی لەبەرچـاو گـرتـووە کە دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر ئیرادە ڕاوەستاوە، بەڵام ناتوانێت بایەخ و بڕوای خۆی بە تێڕوانینی ڕووسۆ ببەخشێت:

«لێهاتوویی بەشداری ڕووسۆ بۆ دۆزینەوەی [چەمکی فەلسەفیی دەوڵەت]، لەوەدایە کە ئەو بە باسکردنی ئیرادە وەکوو بـنەمـای دەوڵەت ئـامـاژە بە بـنەمـایەک دەکات کە هەم بیر لە فۆرم و هەم نـاوەڕۆکەکەی کراوەتەوە؛ بـنەمـایەک کە بەڕاسـتی خـودی بیرکردنەوەیە، نەک تەنیا بـنەمـایەکی بۆش وەکوو غەریزەی کۆمەڵایەتی [ژیانی بەکۆمەڵ]. یان بۆ نموونە وەکو ئۆتۆریتەی ئیلاهی کە وەک فۆڕمێک، تەنیا خۆی بیری لە خۆی کردبێتەوە.»[33]

---

31 Ibid. § 258. Cf. Wilhelm Metzger, Gesellschaft, Recht und Staat in der Ethik des deutschen Idealismus, new ed. (Aalen, 1966), esp. pp. 251-78; Carl Schmitt, Politische Romantik (Miinchen anel Berlin, 1925). For further re marks by Hegel on Haller, see Berliner Schriften, pp. 678-84.

32 Philosophy of Right, § 219.

33 Ibid. § 258.

لە هەمانکاتدا ئەم پێناسەیە بە مەرجێکەوە دەبەسرێتەوە کە ئاماژە بەو شتە دەدات کە هێگڵ وەکوو بەربەستی سەرەکیی ڕووسۆ دەیدیت؛ واتە ئەو هیچ هەوسارێک لەسەر ئیرادەیەک دانانێت کە بە تەواوی تاکخوازانەیە. وا دیارە هێگڵ لێرەدا چاوپۆشی لە جیاوازیدانانی ڕووسۆ لە نێوان la volonte generale و la volonte des tous دەکات. وا دەردەکەوێت کە هێگڵ "ئیرادەی گشتی" ڕووسۆ تەنیا وەکوو کۆیەکی پەتی لە ئیرادە تاکەکەسییەکان دەبینێت و ئەم واقعە لە دەست دەدات، کە لای ڕووسۆ ئیرادەی گشتی وەبەرچاوهێنەری ئاستێکی بالاتر و -کۆیی تری ئاگاییی کۆمەڵگەتەوەرە. [واتە] بەرزتر لە ئیرادەی (خوارترە) کە تەنیا بەرەو ئامانجە تاکییەکان مەیل دەکات. بە هەرشێوە؛ ڕەخنەکەی هێگڵ لە ڕووسۆ ئاماژە بە شێوازی دیالێکتیکی هێگڵ دەدات، کە لە ڕێگەیەوە پێگەی ئیرادەی تاکی لە نێو دەوڵەت وێنا دەکات. بۆ ئەو [هێگل] ئەمە بنچینەی دەوڵەتە کە دەبێت .... بکرێت -بەرزەوەبێت و ڕایشبگیرێت- ئەویش لە ئاستێک کە تاکەکان ئیرادە بۆ ئامانجەکانی یەکتر دەکەن، وەکوو بەختەوەری کۆیی، نەک تەنیا چاکەی تایبەتی خۆیان.[34]

ئەمە هەر ئەو ئیرادە پەتییە تاکخوازانەیە کە هێگڵ لەگەڵ بیرۆکەی بەلاڕێدابەری بنچینەیی کە خۆی لە نێو ئاراستە توندڕەوەکانی نێو شۆڕشی فەڕانسا دەربڕی، دەبەستێتەوە. ئەم ئایدیایە کە پی وایە دەکرێ لە واقعیەتی مێژوویی دابڕان ڕوو بدات و بە پێی ئیرادەی کۆبوونەوەیەکی مرۆیی، ڕێکخستنێکی سیاسی بسازرێت، بوو بە هۆی بشێوی و تۆقانێک کە دەبوا خەونە ئۆتۆپییایەکان لە نێویدا بە کۆتایی خۆیان بگەشتنایە:

«بەم هۆیەوە، کاتێک ئەم ئاکامە ئابستراکتانە بە دەسەڵات گەیشتن، بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤدا دیمەنێکی سەیروسەمەر ڕووی دا، ئەویش سەراونخوونی یاسای بنەڕەتی دەوڵەتێکی مەزنی واقعی و دووبارە درووستبوونەوەی لە دووای لێکترازانی هەبوونەکەی و هەمووو بەستێنە بەردەستەکانی؛ ئەمجارەیان لەسەر بنچینەی فکرێکی تەواوپەتی.

34 Ibid.

ئیرادەی دامەزرێنەرانی [دەوڵەتی فەرەنسا] ئەوە بوو کە بنچینەیەکی تەواوەن عەقڵانی پێوە گرێ بدەن، بەڵام ئەمە تەنیا ئابستراکشنەکان بوون کە بەکار دەهاتن، ئایدیا نەبوون. لە ئەوپەڕی ترس و تۆقاندندا ئەم تاقیکردنەوەیە کۆتایی پێهات.»[35]

لەسەر هێڵێکی هاوتەریبدا، دەبێت سەرنجی ئاگادارکردنەوەکەی هێگڵ بدرێت کە نابێت دەوڵەت وەکوو گرێبەستێک ببینرێت کە دەتوانێت بە مەیلی خۆی کۆتایی پێبێت:

«ئێمە لەوەوپێش، لە لەدایکبوونەوە هاووڵاتی دەوڵەتین؛ ئامانجی عەقڵانی مرۆڤ، ژیانە لە نێو دەوڵەتدا.»[36] مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە و دابڕاندنی لە پەیوەندییە سیاسییەکان، مرۆڤایەتییەکەی لەبەین دەبات.

لە نێو ئەم واتایەدایە کەوا هێگڵ ئایدیاکەی خۆی لە دەوڵەت بە تایبەتی لە §258 دا دەردەبڕێت؛ ئەم ئایدیایەش بەرزەوەبووتر لە هەر دوو فەلسەفەی سیاسیی شۆڕش و چاکسازییە.

## یاسای بنەڕەتی و مۆنارشی

لێدوانی هێگڵ لەسەر پێکهاتەی دەستووریی دەوڵەت لە نێوان بابەتی ئایدیای مۆنارشی (پاشایەتی) و تێگەیشتنی ئەو لە مۆنارشی، ژمارەیەک تایبەتمەندی لە خۆی دەگرێت کە شایەنی ئەوەیە بەوردی لەسەری بدوێین.

جۆرە مۆنارشییەک وا هێگڵ لە زەینیدایە سیستمێکە کە لە نەریتی موتڵەقخواز و ئۆتۆریتاریەن دوور دەبێت و بەرەو فۆڕمێکی سنووردارکراوی پاشایەتی دەستووریی دەڕوات: «گەشەی

---

**35** Ibid.

**36** Ibid. addition to § 75.

دەوڵەت بەرەو مۆنــارشی دەســتووری دەسکەوتی جیهانی مۆدێرنە.»[37] هەرچەنە، نــاکرێت سیستمێکی وا وەکوو شـتێکی لەوەوپێش، بەسەر هەمـوو کۆمەڵگایەکدا بـسەپێنرێت؛ چـونکە خۆی گەشەکراوی ژێرخــانێکی سەرلەبەر لە دامەزراوە و داب و نەریتەکانە، و هەرجۆرە هەوڵ بۆ گونجاندنی فۆڕمی مۆنارشییەکی دەستووریی لە نێو کۆمەڵگایەکدا کە ئامادەیی بۆی نییە، ئەوە شکستێکی حەتمی دەخوات.

هێگڵ باسی ئەوە دەکات چۆن ناپێلۆن یاسایەکی بنەرەتیی بە سپانییەکان بەخشی کە زۆر لەو شتەی کە لە سەرەتایەوە خاوەنی بوون، عەقڵانیتر بوو، بەڵام «ئەوان وەکوو شتێکی نامۆ بینییان و سڵیان لێ کردەوە، چونکە هێشتا لەو ئاستەدا پەروەردە نەبووبوون.»[38] لە هەمان پەرەگرافدا هێگڵ دەڵێت: «دەستووری هەر نەتەوەیەک بە گشتی دەبەسترێتەوە بە کەسایەتی و گەشەی خۆ-ئاگاییەکەی...یاسای بنەڕەتیی نەتەوەیەک دەبێت گیان بە بەرکەوتنەکانی لەگەڵ مافەکان و پێگەکەی بــبەخشێت، بێجگە لە ئەمە ئەگەری ئەوە هەیە یاســای بــنەڕەتی بە شێوەی دەرەکی هەبێت بەڵام خاڵی لە مانا و بایەخ بێت.»

ئەم ڕوانینە قەرزاری مــانتێسکییۆیە، کە جەخـــت دەکاتەوە لەسەر ئیمکان و زەروورەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی گشتی لە ئاستی مەرجی سەرەتایی بۆ گەشەی سیاسی. هێگڵ چەند نموونەیەک سەبـارەت بەم بـابەتە لە مێژووی دەسـتووریی ئینگلیس و ئەڵمان دێنەتەوە. لەم سۆنـگەیەوە، هێگڵ فــامی دیالێکتیکی خۆی سەبــارەت بە ســروشـــتی گۆڕانی مێژوویی دەخـــاتە ڕوو؛ لە هەمـانکاتیشدا هەڵوێستی ئەو، بەرچـاوهێنەری نـاکۆکییەکەیەتی لەگەڵ گۆڕانی تـونـدتیژدا، کە وەهـا گۆڕانێک خـاڵی لە ڕەهەنـدی دیالێکتیکی دەبینێت: «پێشەوەچـوونی دۆخی کاروبـارێک بۆ

---

**37** Ibid. § 273.

**38** Ibid. addition to § 274.

دۆخێکی دیکە، لە ڕووالەتــدا هێمن و لەبەرچــاونەگیراوە. بەم شێوەیە لە مــاوەیەکی درێژدا بنیاتێک دەبێتە شتێکی سەرلەبەر جیاواز لە ڕەچەڵەکەکەی.»[39]

لایەنگریی هێگڵ لە مۆنارشی دەستووریی وەکوو مۆدێلی دەوڵەتی مۆدێرن، پرسی جیاکردنەوەی بــوارەکــانی دەسەڵات دێــرێــتە پێــش. ڕوونە کە لێــرەدا ڕوانیــنی هێــگڵ لە هەرجۆرە ڕاڤەی ئۆرتۆدۆکــس لە تیۆری جیــاکــردنەوەی بــوارەکــانی دەسەڵات دوور دەبێــتەوە. گەرچی بــنیــاتی دابەشکردنی دەسەڵات وەکوو "گەرەنتی ئــازادیی گشــتی" ســتایشت دەکات[40]؛ بەڵام دژی هەر سیستمێکە کە بیهەوێت لە ڕێگەی تەرخــانکردنی هەر دامەزراوەیەکی سیاسی -بە کارکرد جیا و دابڕاو- جیاکردنەوەی بــوارەکانی دەسەڵات مسۆگەر بکات. هێگڵ ئەمە وەکوو ئــابســتراکتێکی شیاوی فام (تێگەیشتن) ڕادەوەستێنێت نەک وەک عەقڵ. ئەو شتەی هێگڵ بەدووای دەگەڕێت سیستمێکە کە لە نێویدا هەر بــوارێکی دەسەڵات بــتوانێت هەمــوو بــوارەکانی دیکەی دەسەڵات بەگونجاوی لە خۆ بگرێت. ئاوا پێکەوەبەستراوییەکی ئۆرگانیک گەرەنتی ئەوە دەکات کە کارکردی سنووردارکراوی دوولایەنە، خودی کارکردی یەکپارچەییەکە نەسڕێتەوە:

«کەواتە بێگومان بوارەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێت جیابکرێنەوە، بەڵام هەر کام لەوانە دەبێت گشتێک لە نێو خۆیانــدا شکڵ بــبەخــشن و چــرکەســاتەکانی دیکە لە نێو خۆدا هەڵبگرن. کاتێک ئێمە سەبــارەت بە چــالاکییە جیاوازەکانی ئەم بــوارانە لە دەسەڵات قــسە دەکەین، نــابێت بخــزینە نێو ئەم هەڵە گەورەیەی کە جیاوازییەکانیان بەم شێوەیە لێک بدەینەوە کە بمانگەیێنێتەوە ئەم گریمانەیەی کە هەر بوارێکی دەسەڵات دەبێت سەربەخۆ لە یەکتر و دابڕاو لە ئەوانی دیکە بمێنێتەوە.»[41]

بە شێوەیەک ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو شــتەدا نەبێت کە لە کۆتــاییدا بــووە ڕەوتی یاســای بــنەڕەتی ویلایەتە یەکگرتــووەکان؛ شــوێنێک کە سەرۆککۆمــار بەشــداریی لە یاســادانــانــدا هەبــوو لە کاتێکدا سێنا لە ڕێگەی دەسەڵاتەکەیەوە بۆ چەســپانــدن یان

---

**39** Ibid. addition to § 298.

**40** Ibid. § 272.

**41** Ibid. addition to § 272.

ڕەدکردنەوەوی پـلەوپـایەکان، لە سەر دەسـتی کۆمیتە بەهێزەکانییەوە، تـوانی دەنگێک لە نێو بەڕێوبەرایەتی (ئیدارە) بە دەســت بهێنێت. هێگڵ بەڕوونی دەیهەوێت لە نێوان کارکردەکانی یـاســادانــان و لێـژنەی دادگەری جیـاکـاری بکـات -هــاوڕانەبــوونی لەگەڵ یـاســا نەریـتی و نەنووسراوەکانیش هەر بۆ ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە؛ چونکە لە نێو سیستمێکی یاسای نەریتیدا، دادوەر بۆ هەمـوو ئـامـانـجە کردەییەکان یاسـا دادەنێت و بـاوەڕی هێگڵ ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە تێکدەرە و قبوڵنەکراوە.[42]

بەڵام ئەم دەسـتەبەنـدییەی بـوارە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات، جیاوازییەکی کەمی هەیە لەگەڵ سێ بەشە نەریتییەکەی دەسەڵات کە لە لایەن مــانتێسکییۆ وێنا کرابــوو، لێرەدایە کە ڕۆڵێکی تایبەت بە مۆنارش (پاشا) لە لایەن هێگڵەوە دەدرێت. بوارەکانی دەسەڵات ئەمانەن:

(a) دەسەڵاتی دیاریکردن و بنیاتدانانی پرسی یونیڤێرساڵ، [واتە] دەستەی یاسادانەر.

(b) دەسەڵاتی دانانی کەیسە یەکە و بوارە تایبەتییەکان لە ژێر پرسی یونیڤێرساڵ - دەسەڵاتی جێبەجێکار.

(c) دەسەڵاتی سابجێکتیڤیتە، وەکوو ئیرادە لەگەڵ دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتایی - تاج. لە تاج و تەختدا، دەسەڵاتە جیاوازەکان لە نێو یەکێتییەکی تاکی دەبەسترێنەوە کە ترۆپک و بنچینەی گشتێتیە؛ واتە مۆنارشیی دەستووری.[43]

کەواتە مۆنـارشی بۆ پێکهاتەی سیاسیی هێگڵ بنچینەییە، بەڵام شێوەیەک کە ئەو لێی تێدەگـات و وێنای دەکات، تــاقــانەیە و جیاوازە لەو سۆنــگە زاڵانەی کە لە نێوان تیۆریستە سیاسییەکانی بەرەی بــووژانــدنەوەدا بـاون؛ کەســانێک کە مۆنـارشییان وەکوو شـتێکی ڕیشەداکوتیو لە نێو بـنەمـای ڕەوایی و حەقێکی ئیلاهیدا دەدیت. لە بـاسی ڕەخـنە لە هەڵێرِدا، هێگڵ ئیدعـای حەقی ئیلاهی بـچووک دەکاتەوە؛ لە هەمـانکاتیشدا سۆنـگەی مـانتێسکییۆ سەبـارەت بە مۆنـارشی، لە ڕوانینی هێگڵەوە لە نێو نەریتی فێئۆدالیزمـدا نـوقـم بـووە. «کە لە نێویدا پەیوەنـدییە بەفەرمی نـاسـراوەکانی نێو یاسـای بـنەڕەتی لە نێو مـافەکانی بـواری کەرتی تـایبەت ڕەنـگ ئەداتەوە.»[44] لە

---

**42** Philosophy of Right, § 21.

**43** Ibid. § 273.

**44** Ibid. § 273.

ڕوانینی هێگڵەوە، [سیستمی] مۆنـــارشی هەمـــوو چـــرکەســـاتە جۆراوجۆرەکانی دەســـتوور و دامەزرانـدن ئـاوێتە دەکات و ئێلێمێنتی خۆ-دیاریکردن کە دەوڵەتی مۆدێرنی لەسەر بنیاتـنراوە، ئاشکرا دەکات:

«دەسەڵاتی تـاج و تەخـت، لە خۆیدا بـریتییە لە سێ چـرکەسـاتی گشـتەکە؛ واتە 1. یونیڤێرسـاڵبوونی دەسـتوور و یاساکان، 2. ڕاوێژ و نوێنەرایەتی: پرسی تایبەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر پرسی یونیڤێرساڵ.

3. چـرکەسـاتی بڕیاردانی کۆتـایی وەکوو خۆ-دیاریکردنێک کە هەمـووشـتێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆی و دەسـپێکی ڕاستەقینەبوونی خۆی لە ئەوەوە وەردەگرێت.»[45]

ئەمە شێوەیەکی نـائـاسـایی و تـایبەتە بۆ دیتنی مۆنـارشی. لەو لایەنەوە کە لای هێگڵ دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر ســابجێکتیڤیتە و خۆ-دیاریکردن بیچمی گـرتـووە، کەواتە دەبێت دەربڕینی ئەم سابجێکتیڤیتەیە لە نێو دامەزراوە ئابجێکتیڤەکانی دەوڵەت بوونی هەبێت:

«حەقیقەتی ســابجێکتیڤیتە تەنیا لە نێو ســابجێکتێک بە دەســت دێت و حەقیقەتی کەســـایەتی تەنیا لە نێو کەسێک... کەواتە ئەم چرکەساتە ڕەبەقە یەکلاییکەرەوەی **گشتێتی**، تاکێتی نییە لە گشتدا، بەڵکوو تاکێکی تاقانە، [واتە] پاتشایە...

ئەم شتەی دووایی کە هەموو پرسە تایبەتییەکان لە نێو خودە تاقانەکەیدا ئاوێتە [aufhebt] دەکات، قورسایی شـــتە بەســـوود و شـــتە تێکدەرەکان، کە ڕێگەی ئەوە دەدەن لە نێوانیانـــدا لاسەنگییەک بەردەوام بێت، کورت دەکاتەوە. و بە وتنی "مـن ئیرادە دەکەم" بڕیاری خۆی درووسـت دەکات؛ کەواتە بـناغەی هەمـوو چـالاکییەکان و ڕاستەقینەبوون دادەمەرزێت.»[46]

لێرەدا پـاڕادۆکسێک لە نێو تیۆری مۆنـارشی هێگڵ شـاردراوەتەوە. لە کاتێکدا کە فۆڕمی نەریتی مۆنارشی ڕادەگرێت، بەڵام هێگڵ بە کردنی تاج و تەخت بە سیمبۆڵی خۆ-دیاریکردن، مۆنارش لە هەرجۆرە دەسەڵاتێکی واقـعی [و کـارتێکەر] بێـبەری دەکـات. لەوە دەچێـت کە هێـگڵ وای بیـر کردبێتەوە کە تەنیا ڕێگەی کاریگەر بۆ دژایەتی ئایدیای موتڵەقخوازی کۆن لە بەرانبەر مۆنارشیدا و درووستکردنی بەربەست بۆ تیۆرییەکانی ڕەوایی بووژانەوە، ئەوەیە کە فۆڕمی مۆنـارشی وەک سیمبۆڵێک بۆ ئـــایدیای مۆدێرنی سیاسیی لە ســـابجێکتیڤیتە و خۆ-دیاریکردنـــدا بهێڵێتەوە.

---

45 Ibid. § 275.

46 Ibid. § 279.

هەرچەنە بێگومــان ئەمە لەگەڵ ڕوانینی خــودی هێگڵ -کە پێشووتــر بــاسکرا- سەبــارەت بە گۆڕینی سیاسی کە "سەرنجپێنەدراوە" هاواهەنگە.

هێگڵ لێرەدا ئەو شــتەی کە دەبــوو ببێتە شــوبــهانــدنێکی نــاســراو، فــورمــوڵە دەدکات- هەڵسەنگاندنی کارکەردی مۆنارش لەگەڵ خاڵدانانی (پەنجە لەسەردانان)ی "من"ـەکان:

«لە نێو دەوڵەتێکی تەواو ڕێکخراودا، شوێنێکە کە تیایدا بڕیاری فەرمی دەگاتە دووائاستی خۆی، [مۆنارش] تەنیا دەبێت بڵێ "بەڵێ" و "مـن" وەک خـاڵ داچەقێنێت، چـونکە پێگەی دەسەڵات [تـاج و تەخـت] دەبێت بە شێوەیەک بێت کە خـاوەنەکەی [یان ڕاگـرەکەی] خـودی نەخـشەڕێژەکە نەبێت. لە نێو مۆنـارشییەکی بەبـاشی ڕێکخراودا، ڕەهەنـدی ئـابجێکتیڤ تەنیا پەیوەنـد دەدرێت بە یاسـاوە و بەشی مۆنـارش تەنیا ئەوەیە کە "مـن ئیرادە دەکەم"ـی زەینی لەگەڵ یاسا بگونجێنێت.»[47]

کەواتە پــاشــا دەتــوانێت پێویستییەکی زاتی بێت -ئەگەر نەبێت، مــنەکان بەبێ خــاڵکوتــان زۆر دەبـنەوە- بەڵام هــاوکاتیش تەواو بێ بـایەخە. هەر بۆیە سیستمی نەوە خسـتنەوە لە هەمـوو سیستمەکانی دیکەی پـارێزەری پـاشـایەتی بـاشـتر و کاریگەرتـرە؛ ئەگەر تـوانسـتێکی عەقڵانی لە مۆنـارش دەخـوازرا, کەواتە نەوەی سەرەتـایی دەبێتە سیستمێکی بە هەڵکەوت. بەڵام هەرکەس دەتــوانێت بڵێت "مــن ئیرادە دەکەم" بە مەرجی ئەوەی کە ڕێککەوتنێک هەبێت سەبــارەت بەوەیکە ئەو کەسە کێ بێت و بتوانێت بنەمای بەردەوامی نەوەی [پاشایەتی] بپارێزێت. ئەگەری ئەوە هەیە کەسێک پی وابێت هێگڵ بە نموونە ئەمەی خوارەوە بە توانجەوە دەنووسێت:

«کێشە گەورەتــرەکە ئەوەیە کە ئەم "مــن ئیرادە دەکەم" ـە، وەکوو کەس یان شەخــس فــام بکرێت. ئەم ئیرادە دەکەمە بە واتـای ئەوە نییە کە مۆنـارش تـاوتـاوانە ڕەفـتار بکات. بە پێچەوانەوە بەو نـاوەڕۆکە پێشنیارکراوەی کە وەری دەگـرێت پابەنـد دەمێنێت. و ئەگەر دەسـتوور سەقـامگیر بێت، [مۆنـارش]کارێک زیاتـر لە واژۆی نـاوی خۆی ئەنجام نادات. بەڵام ئەم ناوە گرنگایەتی هەیە. ئەمە شوێنێکە کە تێپەڕبوون لێی مومکین نییە...

ئەم "مــن ئیرادە دەکەم"ـە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان جیهانی کەونــار و مۆدێڕن بنیات دەنێت و دەبێت لە نێو بینای گەورەی دەوڵەتدا بوونی جیاکەرەوەی خۆی هەبێت.»[48]

---

**47** Ibid. addition to § 280.

**48** Ibid. addition to § 279

هێگڵ دەڵێت لە زەمەنە پێشترەکان پەرسگە هەر ئەم کارکەردەی سابجێکتیڤیتەی موتڵەقی هەبوو.

بەم شێوەیە پـاشـا تەنیا تـاکە سیمبۆڵی یەکگرتـوویی دەوڵەتە. لە کاتێکدا وەزیر و کارگێڕەکان ولآمدەرەوەی کارەکانیانن، ئەو [پاشا] ولآمدەر نییە.[49]

وەزیر و کارگێڕەکان لەسەر بنەمای توانستەکانیان دیاری دەکرێن؛ بەڵام هەمووان دەتوانن ببنە پـاشـا، و هەر دەبێـت وایـش بێـت. پـاشـا دەبێـت لە سەرووی نـاکۆکی نێـوان هێـزە بەرییەکەوتـووەکانی نێو کۆمەڵگادا بێت. ئەمە تیۆری مۆنـارشە کە لەو سەردەمەیدا کە هێگڵ فـورمـوڵەی کرد لە هیچ شـوێنێکی ئەورووپـا نەبـووە بـوونێکی واقعی. بە دڵنیاییەوە ئەمە پـارادیمێک لە مۆنـارشی پـرووس نییە و تەنیا لە دووایيدا و لە سەدەی نۆزدەیەم بە هێمنی گەشەی کرد:

«لەم یەکگرتووییەدا یەکگرتویی ڕاستەقینەی دەوڵەت شاراوەیە، و تەنیا لەم ڕێگایەوە... [دەکرێت] **یەکگرتوویی دەوڵەت** لە مەترسیی کەوتنە نێو بوارە تایبەتییەکان، هەوەسەکان، ئامانجەکان و بیرورا جیاوازەکان بپارێزرێت. و هەروەها [یەکگرتووییەکە] لە شەڕی باڵەکانی [دەسەلآت] لە دەور و بەری تاج و تەخت لاوازی و ڕووخانی دەسەلآتەکانی دەوڵەت، دەپارێزێت.»[50]

بە پێی لێدوانی هێگڵ، ئەم سـروشـتە گەشەکردوو و بێلایەنکراوەی مۆنـارشی دەشـتوانێت دووبەرەکیی نێوان دێمۆکراسیی کلاسیک و مۆنـارشیی کلاسیک چـارەسەر بکات. هێگڵ دەڵێت کە: "بـنـەمـای جیهانی مۆدێرن ئـازادی سـابجێکتیڤیتەیە." دێمۆکراسیی کلاسیک هەر وەک مۆنارشیی کلاسیک، تاک لایەن بوو. کەواتە درێژەی پێ دەدات: «کام فۆڕمی حکومەت، مۆنارشی یان دێمۆکراسی باشترە؟ تەنیا دەتوانین بڵێین کە هەموو فۆڕمە دەستوورییەکان یەک لایەنەن مەگەر ئەوەی کە ئەوان بتوانن بنەمـای سـابجێکتیڤیتەی ئـازاد لە نـاو خۆیانـدا ڕابگرن و بـزانـن چۆنچۆنی لەگەڵ عەقلآنیەتێکی خۆناسیودا هاودەقی دەکەن.»[51]

---

**49** Ibid. § 284.

**50** Ibid. § 281.

هێگڵ زیادی دەکات: مۆنارشەکان بە بۆنەی توانا جەستەیی و فکرییەکان جیاواز نین.

**51** Ibid. addition to § 273.

بە پێی لێدوانی هێگڵ مشـتومڕی تەریب سەبـارەت بە سەروەریی خەڵک لە بەرانـبەر سەروەریی پاشـا بە شێوەیەک بە وێناکردنی دەوڵەت وەک خۆی، لە ئـاسـتی هەڵگری سەرەوەری دەتـوانێت چارەسەر بکرێت، نەک دەوڵەت وەکوو یەکێک لە دامەزراوە و بەشەکان.[52]

لە هەموو نووسراوە سیاسیەکانی هێگڵدا، ئەوە لە نێو فەلسەفەی حەقدایە کە ڕۆڵی مۆنارشی لە کەمترین ئـاسـتدا باس دەکرێت. لە مـاوەی دەسەڵاتـداریی نـاپێلۆن، هێگڵ لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پـاشـای پـرووسـدا، پێناسە و ڕۆڵێکی زیاتـری بە ئێمپراتۆری مەزن [نـاپێلۆن] بەخشی. لە کاتێکدا هێگڵ سـتایشی خۆی بۆ ڕۆڵی سیمبۆڵیکی مۆنـارش دەردەبڕێت، بەڵام لەگەڵ هەرجۆرە هەوڵێک نـاکۆکە بۆ تەرخـانکردنی مۆنارشی لەگەڵ [بیرۆکەی] واقعیەتی دەسەڵات یان بنیاتـنانی لەسەر هەڵوێسـتی بەڵگە ڕەواییخـوازەکان: مۆنـــارشێکی بەدەسەڵات خۆی لە نێو مـــلـملانەی سیاسیدا دەکاتە حزبێک. سەردەمی چاکسازیی پرووس لە ژێر ڕێبەرایەتی شـتەین و هـاردێنبرگ ڕەنـــگە وەکـوو سەرهەڵدانی هیـوایەک بینـرابێت کە مۆنـــارشی لە وەهـــا ڕێگە و ڕەوتێکدا لە جووڵەدایە. بەڵام ژیانەوەی ڕوانینێکی ڕەواییخواز، مەسیحی و ڕۆمانتیست، لەسەر مۆنارشی -لە دەیەی 1830دا- بە یارمەتی فـریدریش ویلهلم چـوارەم، بـووە هۆی وەلانـانی تیۆری مۆنـارشی هێگڵ. لەو کاتەدا و دەسـبەجێ دووای مەرگی هێگڵ، نـامیلکە و وتـاری جۆراوجۆر لە ئەڵمان بڵاو بـــوویەوە کە هێرشی دەکردە سەر تیۆری هێگڵ سەبـــارەت بە دەوڵەت و مۆنـــارشی و لەگەڵ بنەمـاکانی دەوڵەتی پرووس و خـانەدانی هـوهێنزولێرن بە نەگـونجاو پێناسەی دەکرد.[53] وەکوو زۆربەی نـموونەکانی دیکە، هـاوچەرخەکانی هێگڵ لە پەیامی ڕەخـنەیی تیۆری سیاسەتی هێگڵ بە باشی تێگەیشتن.

---

52 Ibid. §§ 278-9.

53 K. E. Schubart’s Uber die Univereinbarkeit der Hegelschen Stautslehre mit dem obersten Lebens- und entwicklungsprinzip des prreussischen staats (Breslau, 1839).

سەبارەت بە هەموو ڕوانینە ڕەواییخوازە دژە هێگڵییەکان بڕوانە بۆ:
'Hegel Revisited', Journal of Contemporary History (1968), 133-47.

## سەرووەریی یاسا

هەرچەن سەردێڕی فەلسەفەی حەقی هێگڵ هەموو پانتایی ڕۆحیی ئابجێکتیڤ لە خۆ دەگرێت نەک تەنیا بواری یاسایی لە واتا بەرتەسکەکەی خۆیدا؛ بەڵام ئاساییە کەوا [چەمکی] یاسا ببێتە نـــاوەنـــدی تیۆری ژیانی دامەزراوەیی و گشـــتی. لە سەردەمی دەســـتووری ئەڵمانییەوە هێگڵ سەبارەت بە پێویستی جیاکردنەوەی بواری یاسای تایبەت و گشتی زۆر پێداگرانە قسەی دەکرد. بەڵگاندنەکانی ئەو دژ بە یاساناسەکانی ڕایشی کۆن، نەریتخوازەکانی ورتمبێرگ، هەروەها دژ بە هەڵێر، هەمووکات لەسەر ئەم بنەمایە بووە کە ئەوان ئەم جیاکارییە پێویستە درووست ناکەن و دەوڵەت [لەم بیرۆکەدا] دابەزیوە بەرەو ئـــاســـتی بەرژەوەنـــدییە شەخسییەکان، و بـــواری گشتیش (res publica) لەگەڵ ئەمەدا لە باسەکاندا دیار نەما.

لە سەرەتـــای فەلـــسەفەی حەقـــدا، هێگڵ بەڵگانـــدن دەکات کە یاســـا پـــانـــتاییی ئـــازادییە.[54] پەرەسەنـــدنی عەقڵانیـبوونەوەی پێکـهاتە یاســـاییەکـان، یەکێکە لە پێوانەکـان بۆ پێشکەوتـنی مێژوویی.[55] ڕێکخستنەوەی یاســـا، کە هەوڵ دەدات میراتی یاســـایی سەردەمەکانی ڕابـــردوو لە هەر کۆمەڵـگـایەکـدا بە سیـستـمـاتیک و بە عەقڵانی بکـات، پێـشـوازی لێ دەکـرێـت و ئەو فەرمـــانگێڕانەی کە دەســـپێشخەری وەهـــا ڕێکخستنەوەیەکی یاســـایی هەمەلایەن بـــوون «لە گەورەترین خزمەتکارەکانی خەڵک بە هەژمار دێن.»[56]

سەرەڕای ئەمەش، بە پێی لێـــدوانی هێـــگڵ، ئەو شـــتەی کە لە نێـــوان زۆرداری و دەوڵەتێکی باشڕێکخراودا جیاوازی درووست دەکات، بوونی ڕێسا و دەستوورگەلی سەقامگیر و ناسێنراوە کە بریتییە لە شیرازەی حکومەت. ناکۆکی هێگڵ لەگەڵ موتڵەقخوازیی پاشایەتی و دیمۆکراسیی زۆرینە لەم خـــاڵەدا هـــاوبەشە کە لە نێو هەر دوو کەیسەکەدا، یاســـا وەکوو دامەزراوەیەکی

---

**54** Philosophy of Right, § 4.

**55** Ibid. § 216.

**56** Ibid. § 215.

ژوستێنیەن فرێدریکی گەورە و ناپێلۆن وەکوو نموونەگەلی ئەم فەرمانگێڕانە لە لایەن هێگڵەوە ئاماژە پێ دەکرێن.

ئابجێکتیڤی هاوسەنگیبەخشی ڕەفتار، ون دەبێت؛ زۆرینەیەک دەتوانن هەر وەکوو ستەمکارێک زۆردار بن:

«ستەمکاری بە واتای حاڵەتی هەر کاروبارێکە کە تیایدا یاسا ون بووە و لە نێویدا ئیرادەی تایبەت چ وەکوو مۆنارش یان حەشیمەتێک (ئۆکلاکراسی) دەبێتە یاسا یان ئەوەیکە پێگەی یاسا دەگرێت. لە کاتێکدا تەنیا لە نێو حکومەتی دەستووریدایە کە سەروەری وەکوو چرکەساتی ئایدیاڵیتە دەدۆزرێتەوە - ئایدیاڵیتەی (ئایدیاڵبوونی) بوار و کارکردە تایبەتەکان.»[57]

بنەما گشتییەکانی حکومەتی یاسا لە 222§ - 228§ فەلسەفەی حەقدا باسکراوە و دادگاکانی یاسا لێرەدا دەبنە سەرچاوەی مافەکانی تاک. ئەم مافانە هەم تاک وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگای مەدەنی و هەم سەرپرشتیی دادوەری لە خۆ و ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆ دەگرێت. هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە لە بەرانبەر دادگادا بوەستێت و «لە نێو دادگادا ئەو تایبەتمەندییەی کە ماف بە دەستی دەهێنێت، ئەوەیە کە دەبێت هەڵگری سەلماندن بێت.»[58]

یاساکان دەبێت ڕاگەیەندراو و گشتی بن؛ کەیسە یاساییە تایبەتەکان جیاواز لە ڕێکخستنە یاساییەکان (codificaion) ڕەنگە ئەم سروشتە گشتییەی یاسا بێ بایەخ بکەن:

«گەر پێویست بێت کە یاساکان هێزی پێکبستنەوەیان هەبێت کەواتە لە چوارچێوەی حەقی خۆ-ئاگاییدا، دەبێت بە شێوەی یونیڤێرساڵ بناسرێن.

هەڵواسینی یاساکان بە شێوەیەک کە هیچ هاوولاتییەک نەتوانێت بیانخوێنێتەوە ( وەکوو دیونیسیسی زۆردار) نادادییەکە وەک ئەوەی کە کتێبە گەورە زانستییەکان و کۆمەڵێک لە داوەری و بۆچوونەکان، نەریتە تۆمارکراوەکان و هتد بە زمانێکی مردوو بکەینە ژێر خۆڵ؛ تاکوو ئەوەی کە زانین سەبارەت بە یاسا تەنیا بۆ کەسانێک دەستڕاگەیشتنی بێت کە دەیخەنە بەردەوم موتالایەکی پسپۆڕانە.»[59]

بەگشتی کردنەوەی دادخوازییە یاساییەکان ئەنجامی جیهانیبوونی یاسایە. لە کاتێکدا کە زۆربەی حکومەتە ئەورووپییەکان بەرەو دادخوازییە یاساییەکان دەگەڕانەوە؛ ئاگادارکردنەوەکەی

57 Ibid. § 278; also § 286.

58 Ibid. § 222.

59 Ibid. § 215.

هێگڵ تەنیا بەڵگاندنێکی تیۆریک بۆ ئاقاری گشتی نەبوو، بەڵکوو هەروەها پەیامێکی سیاسیی بەهێزیش بوو:

«مافەکانی ئاگایی سابجێکتیڤ تەنیا بریتی نییە لە بڵاوکردنەوەی یاساکان؛ بەڵکوو هەروەها ئیمکانی زانینی دادخوازییە یاساییەکانە لە پانتایی گشتیدا. هۆکارەکەی ئەوەیە کە دادخوازی [دادپرسی] لە خۆیدا ڕووداوێکە بە ئیعتباری یونیڤێرساڵەوە، گەرچی ناوەرۆکە تایبەتەکەی سکاڵاکە تەنیا کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیی لایەنەکان هەیە، بەڵام ناوەڕۆکە یونیڤێرساڵەکەی کە بریتییە لە مافی بەپرسکردن و داوەری لەسەریان، کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی هەمووان هەیە.

ئەمە تێگەیشتنێکی کۆیی سادەیە گەر بڵێین بەڕێوەبردنی گشتی دادگا، مافێکە و ڕەوایە... یەکێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی ماف و دادوەری، متمانەی هاووڵاتییانە بەوان، ئەمە پێویستییەکە وا دادخوازیی یاسایی دەکاتە بابەتێکی گشتی.»[60]

جیا لەو بابەتەی کە باسکرا؛ هێگڵ جەخت دەکاتەوە کە بەگریمانەگرتنی چوارچێوەگەلی گشتی، کە بە وردی دەگەڕێتەوە سەر کاروبارێک کە بۆ یاسادانان لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێگەپێدراوە، ئەستەمە. لە کاتی شەڕدا ڕەنگە حکومەت ناچار بێت سەبارەت بە بابەتگەلێک کە لە کاتی ئاساییەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانیەتی، یاسا دابنێت. هێگڵ هەروەها وشیارە کە وەها زەرورەتێک، زۆربەی جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت لە چاوی خەڵکدا «ئاستێک لە بێزاری بە دەست بێنێت.»[61]

بەڵام لە دەرەوەی ئەم ڕێکەوتانە، هێگڵ لەو باوەڕەدایە کە ڕەوتی یاسادانان نابێت لە نێو بابەتگەلی پەیوەندیدار بە باوەڕ و باشترزانینراوە سابجێکتیڤەکان دەستێوەردان بکات؛ بواری شەخسی و مۆراڵی تاک نابێت ببێتە بەشێکی یاسادانان:

«ئاکارێتی و حوکمە ئاکارییەکان (مۆراڵ) دەگەڕێتەوە سەر ئیرادەکردن لە نێو شەخسیترین، سابجێکتیڤترین و تایبەتترین لایەنی خۆیدا، کەواتە ناکرێت ببێتە بابەتێک بۆ یاسادانانی پازێتیڤ...

---

60 Ibid. § 224 and addition.

61 Ibid. § 223 and addition.

یاسـادان لە سەردەمی سەرەتـایی کەونـاردا پڕ بـوون لە دەسـتوور و حـوکمگەلێک سەبـارەت بە چـاکەکاری و حورمەت کە بە پێی سروشتی خۆیان نەگونجاوبوون لەگەڵ جێبەجێکردنی یاسایی؛ چونکە ئەو یاسایانە بە گشتی لە نێو بواری ژیانی دەروونیدا جێیان گرتووە.»[62]

لە ڕێگەی بەڵگاندنێکی ئاڵۆز و هەندێکجاریش لێڵ، هێگڵ بەم ئاکامگیرییە دەگات کە سروشتی یاسا، واتە **دەربڕینی خۆ-ئاگایی**، دەبێت لە لایەن دەستەی دادوەرانەوە ڕێنوێنی بکرێت؛ دیسان ئەمە بابەتێکە کە لە سەردەمی خۆیدا بە گشتی لە ڕەوتی باو و جێگرتوو لە پرووس و ئەورووپا دوور بوو. هێگڵ بەڵگاندن دەکات کە لە نێو دادوەریدا هەمووکات دوو ڕەهەند بوونیان هەیە - پرسی ڕاستی (فاکت) و پرسی یاسا. دووەمیان پێویستی بە بڕیاری دادوەرە، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە دەگەڕێتەوە سەر پـرسی ڕاسـتی «هیچ بنیاتێک کە بـتوانێت دادوەر -واتە پسـپۆڕی یاسـا- وا گریمانە بکات کە دەبێت تەنیا کەسێک بێت کە چۆنیەتی ناڕاستبوونی ڕاستییەکان دیاری بکات، بـوونی نییە؛ چـونکە تـوانـای وەهـا کارێک دەبەسـترێتەوە بە پەروەردەی گشـتییەوە نەک تەنیا ڕەوتی یاسایی»[63]، لەم ڕووەوە هەر وەک یاسای ئینگلیس، پرسی ڕاستی دەبێت لە لایەن لێژنەی دادوەرانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

لەسەر ئەم تێگەیشتنە کۆییەی دادوەریی لێژنەی دادوەران، هێگڵ ڕەهەنـدێکی زیاتـر جێی ڕامـان سەبـارەت بە خۆ-ئـاگـایی زیاد دەکات: حـوکمی هـاوتەمەن و هـاوپـلەپـایەکانی کەسێک، هەر حـوکمی تـاوانکارەکەیە لەسەر خۆی، کە لە ڕێگەی خۆ-ئـاگـایی خەڵکانێک کە نـوێنەری هەمـان ئاست لە ئاگایی تاوانبارکراوەکەن، نێوانجی دەکرێت.[64]

---

**62** Ibid. § 213 and addition.

هێگڵ هەروەها دەڵێت کە سەبارەت بە بابەتگەلێک وەکوو هاوسەرگیری، عەشق و ئایین، دەوڵەت دەبێت تەنیا ڕەهەندگەلێک هاوسەنگ بکات کە «لە بنەمادا دەرەکین.»

**63** Ibid. addition to § 227.

**64** Ibid. § 228.

بێ مـتمانەیی هێگڵ بە پـارێزەران، دەسـتی ئەو بۆ بەڵگانـدێک سەبـارەت بە حـوکمی لێژنەی دادوەران دەکاتەوە. دادگـاکانی لێژنەی دادوەران یارمەتی رێگریکردن لە پـاوانـخوازیی پـارێزەرە پسپۆڕەکان دەدەن و مەیلێکی بەرچاویان بۆ ڕاگرتنی ڕەوتی دادخوازیی وەکوو ڕەوتێکی ڕەمزاوی و ناڕوون هەیە. گەر یاسا قورخکراوی دەستی پیشەی یاسا بێت، «ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی بە نـامۆیی لەگەڵ یاسـا دەمێننەوە»، و هـاووڵاتی لە بەشـداری لە نێو ڕەوتی یاسـاییدا -کە لە ڕێگەیەوە نۆڕمە یاساییەکان لە لایەن هەمووان دەروونی دەبنەوە- بێبەش دەبێت.[65]

سەبـارەت بە عەقڵانیبوونەوەوی پێشکەوتـنخوازانەی یاسـا لە درێژایی کاتـدا، هێگڵ ئەنـجامێکی ڕاسـتەوخۆ بۆ داشکانـدنی تـونـدگـری یاسـای سـزادان دەدۆزێتەوە: «ئەم ڕاسـتییە کە کۆمەڵگا بەهێز بــووە و لەسەر خۆی دڵنیایی هەیە گــرنگی دەرەکی خەســارەکان کەم دەکاتەوە و ئەمە هۆیەکە بۆ داشکاندنی سزاکەی.»[66] یاسایەکی توندی سزادان نیشانەی ناسەقامگیری دەروونی کۆمەڵگایە. هێگڵ پێشنیار دەکات، وەکوو هەموو دامەزراوەکانی دیکە، یاسای سزادان «دەبێت وەکوو نەوەی سەردەمی خۆی و [هـاواهەنـگ ]بێت لەگەڵ حـاڵەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە کاتی خۆیدا.» ئەم شـلگرتـنە ڕوولەپێشەی زەروورەتی کەڵکوەرگـرتـن لە یاسـای سـزادان، لە کۆتـاییدا دەبێتە ڕەنـــگدەرەوەی بـنچینەی تیۆری دەوڵەتی هێگڵ. واتە دەوڵەتی مۆدێرن کە لەسەر خۆ-ئاگایی و ئامادەیی هاووڵاتییان بۆ هاوکاریکردنی یەکتر بیچمی گرتووە، خوازیاری کەمکردنەوەی زۆرلێکردنە. زۆرلێکردن نیشانەی پێکهاتەگەلی گەشەنەکردوو و یەک ئـاسـتە. شـوێنێک کە **خۆ-ئاگایی بەرەو خۆی دێتەوە**، چیتر پێویست بە زۆرلێکردن ناکات.

---

65 Ibid.; also addition to § 215.

66 Ibid. § 218.

سەرچاوە:

“The State - the Consciousness of Freedom” In *Hegel’s Theory of the Modern State,* by Shlomo, Avineri. London: Cambridge University Press (1972).

شڵۆمۆ ئەڤینێری (Shlomo Avineri)

شڵۆمۆ ئەڤینێری پـرۆفیسۆری زانسـتە سیاسیەکان و بەڕێوەبەری پەیمانـگای مـوتـالآتی ئەورووپی بـوو لە زانکۆی هیبرو لە ئۆرشەلیم. هەروەها توێژەری میوان لە سەنتەری ویڵسۆن و ئەندامی پەیمانگای نێونەتەوەیی فەلسەفە بـوو. کتێبەکانی بۆ چەنـدین زمـان وەرگێڕدراون: بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی کارڵ مـارکس، کارڵ مـارکس لەسەر کۆلۆنیالیزم و مۆدێرنیزاسیۆن، تیۆری دەوڵەتی مۆدێرنی هێگڵ، ئیسرائیل و فەڵەسـتینیەکان، بنیاتـنانی زایۆنیزمی مۆدێرن، مـوسـا هێس: پێغەمـبەری کۆمۆنیزم و زایۆنیزم، کۆمەڵایەتی و تـاکگەرایی، یاسـای نـاسـنامەی ئـایینی: مۆدێلەکانی پۆست کۆمۆنیزم.

- Avineri, Shlomo (1968). The Social and Political Thought of Karl Marx. Cambridge University Press.
- Avineri, Shlomo (1984). The Making of Modern Zionism: The Intellectual Origins of the Jewish State. International Journal for Philosophy of Religion 15 (3):181-182.
- Avineri, Shlomo (1961). The problem of war in Hegel’s thought. Journal of the History of Ideas 22 (4):463.
- Avineri, Shlomo (1973). Comment on Doull's 'Hegel and Contemporary Liberalism, Anarchism, Socialism'. In Joseph J. O'Malley (ed.), The legacy of Hegel. The Hague,: M. Nijhoff. pp. 249--252.

## وشەنامە:

Statement: پێوابوون
Positive: ئەرێیی
Actuality: ڕاستەقینەبوون\واقعیبوون
Actual: ڕاستەقینە\واقعی
Order: ڕێکخستن\ڕێکخستە\نەزم
Co-existence: هاوبوون
Embodiment: گیانلەبەرداکردن\ جەستاندن
Self-determination: خۆ-دیاریکردن\خۆ-سەلماندن
Addition: هاوپێچ
Despotism: زۆرداریی
Jury: لێژنەی دادوەران
Morality: ئاکارێتی
Particular: تایبەت
Universal: گشتی\جیهانی\یونیڤێرساڵ
Trial: دادخوازی\دادپرسی
Codification: ڕێکخستنی یاسایی
Justice: دادوەری
Monarchy: مۆنارشی\پاشایەتی